# گەلەری هونەری بابان ئامادەیە خەلاتی سەركەوتوانی پێش بركێی كورتە چیرۆكی كوردستان نێت لەئەستۆ بگرێت...

كوردستان نێت ئەورۆژنامە ئەلكترۆنیە بەهێزەیە كەبەردێژایی تەمەنی پربایەخی لەرازەی ئەدەب وهونەری كوردی دابووە هاوكات تەنها رۆژنامەیەكی ئەلكترۆنیشە كەخالێیە لەجنێو وئامادەنیە بابەتی جاش وكۆنەبە عسیەكان بلاوبكاتەوە..... جێی ئامازەیە ئەم سایتە بەبی سانسۆر سەكۆیەكی نەتەوەییە بۆ دەربرینی رای جیاواز و هەموو رەنگە جیاكانیش لەوی دا كۆنتراس دەكەن.. بەدیدگای ئێمە پشتیوانی كردن لەم پرۆژانە هەلۆیستێكی نەتەوەییە....

بۆیە ئێمە وەك گەلەری هونەری بابان ئامادەین بەپێی توانای خۆمان خەلاتی سەركەوتوانی ئەم پێشبركێیەی بۆ كورتە چیرۆك سایتە خۆشەویستە كەی كوردستان نێت ئامادەی كردووە دابین بكەین گەر پەسەندی بكەن لەگەڵ خۆشەویستی زۆرمان بۆ كوردستان نێت وكاكە عمر فارس بەرپرسی ئەم سایتە كەشەونخونی ئەكات بەدیار ئەم سایتە نەتەوەییەوە..

علی كمال
بەرێوەبەری گەلەری هونەری بابان
سلێمانی

تێبینی كوردستان نێت:
لە ناخی دڵمانەوە زۆر سوپاسی كاک عەلی كەمال و گەلەری هونەری بابان لە سلێمانی دەكەین، بۆ ئەو هەڵوێستە جوانەیان و هیواداریین نمونەیان لە زیادبووندا بێت.
لەڕاستیدا و زۆر بە شەرمەوە دەیڵێین كاتێک ئەو پێشبڕكێیەمان دانا، بیرمان لەوە كردەوە كە دەبێت، خەڵات بۆ چیرۆكە سەركەوتووەكان دیاری بكرێت. بەڵام بەداخەوە، لەبەر ئەوەی كوردستان نێت، ئەوبەرگەی لەبەریدایە، هەرلەسەرەتاوە و تاكو ئێستا گیرفانی بۆ نەدووردراوە و بێ گیرفانە، نەمان توانی بابەتی خەڵات ڕابگەیەنین. خۆشبەختانە ئەوا دڵسۆزانێک لە باتی ئێمە ئەوكارە دەكەن و ئێمەش مەمنونیانین.

عومەر فارس عەزیز: بەرپرسی كوردستان نێت